هەرێمی کوردستانی عێراق
لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان
ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی(زانستی)
SN: 6007696
0001
بەناوی خوای گەورە
ناو: _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _
بابەت: کیمیا/ کات :3.30 کاتژمێر
ساڵی خوێندنی 2020-2021 (خولی دووەم)
A
91260

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە: (بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە)

**1.** مۆلالێتی گیراوەیەکی ئیثانۆل ($C_2H_5OH$) و ئاو دەکاتە $1.76m$ ژمارەی مۆڵەکانی ئیثانۆل لە 250g ئاودا چەندە ؟

A. 0.142 mol    B. 0.44 mol    C. 20.24 mol    D. 7.04 mol

**2.** کام لەم گوزارشتانەی خوارەوە ناڕاستن ؟

A. زۆر ماددەی ڕەق لە توێنەری ساردا خێراتر دەتوێتەوە وەك لە توێنەری گەرم

B. توانەوەی گاز لە ئاودا لە پلەی گەرمی نزم دا زیاترە

C. گیراوەی ئاوی تێکەڵێکە پێکهاتووە لە تواوەیەك کە لە ئاودا دەتوێتەوە و ئاو توێنەرە

D. کاریگەری جولاندنی گیراوە لە کاریگەری هاڕینی ڕەق دەچێت لە زۆرکردنی ڕووی بەریەککەوتنی تواوە و توێنەر

**3.** پلەی کوڵانی گیراوە بەرزترە لە پلەی کوڵانی توێنەری خاوێن بە هۆی:

A. نزم بوونەوەی هەڵمە پەستان    B. بەرز بوونەوەی پلەی بەستن    C. بەرزبوونەوەی هەڵمە پەستان    D. هیچیان

**4.** ماددەیەکە لە هەندێك کارلێکدا وەك ترش و لە هەندێکی تردا وەك تفت ڕەفتار دەکات:

A. $SO_4^{2-}$    B. $HSO_3^-$    C. $CH_3COO^-$    D. $NH_4^+$

**5.** کام لەم گیراوانە بەهەمان خەستی، کەمترین $[H_3O^+]$ هەیە؟

A. HCl    B. $H_2O$    C. $NH_3$    D. HF

**6.** لەم کارلێکە گازییە گەرمی دەرەدا : $2CO + O_2 \longrightarrow 2CO_2$ کام لەم دەربڕینانە بۆ ئەو کارلێکە دەگونجێت؟

A. کارلێکەکە هەمیشە لەخۆیە    B. کارلێکەکە هەمیشە نالەخۆیە

C. کارلێکەکە لە پلەی گەرمی نزم دا لەخۆیە    D. کارلێکەکە لە پلەی گەرمی بەرزدا لەخۆیە

**7.** لەم گریمانە کارلێکەدا: $A_2+B_2 \longrightarrow 2AB+30kJ$ وزەی چالاککردنی کارلێکی پێشینە دەکاتە 50kJ/mol ئەوا وزەی چالاککردنی کارلێکی پاشینە دەکاتە:

A. 20 kJ/mol    B. 80 kJ/mol    C. -80 kJ/mol    D. 10 kJ/mol

**8.** لەم کارلێکەدا : $2HCl_{(g)} + 184.6kJ \longrightarrow H_{2(g)}+Cl_{2(g)}$ گەرمی پێکهاتنی پێوانەیی HCl دەکاتە :

A. 184.6 kJ/mol    B. -184.6 kJ/mol    C. -92.3 kJ/mol    D. 92.3 kJ/mol

**9.** تێکردنی $NH_4Cl$ بۆ گیراوەی $NH_3$ دەبێتە هۆی :

A. کەم بوونی $[NH_3]$    B. زۆربوونی $[OH^-]$    C. زۆربوونی ئایۆنینی $NH_3$    D. زۆربوونی $[H_3O^+]$

**10.** چەند مۆڵ لە گۆگرداتی ئەمۆنیۆم پێویستە لێکهەڵبوە شێت بۆ بەرهەم هێنانی 0.4mol لە ئایۆنی گۆگردات؟

A. 0.2mol    B. 0.4mol    C. 0.6mol    D. 0.8mol

**11.** ئایۆنە هاوکێشەی پەتی نیشتنی گۆگردیدی نیکل (II) بریتییە لە :

A. $NiS_{(s)} \longrightarrow Ni^{+2}_{(aq)} + S^{-2}_{(aq)}$    B. $2Ni^{+2}_{(aq)}+2S^{-2}_{(aq)} \longrightarrow Ni_2S_{2(s)}$

C. $Ni^{+2}_{(aq)}+S^{-2}_{(aq)} \longrightarrow NiS_{(s)}$    D. هاوکێشەی نیشتنی نیە چونکە تواوەیە لە ئاودا

**12.** بە تێکەڵ کردنی ئاوە گیراوەی کلۆریدی باریۆم و نیتراتی سۆدیۆم:

A. کلۆریدی سۆدیۆم دەنیشێت    B. نیتراتی باریۆم دەنیشێت    C. نیشتن ڕوونادات    D. (B+A) ڕاستن

**13.** گیراوەی ئاوی $NH_3$ تفتی ئەرهینۆسە ،چونکە:

A. پرۆتۆن وەردەگرێت    B. خەستی ئایۆنەکانی هایدرۆنیۆم زیاد دەکات

C. جووتێك ئەلەکترۆن دەبەخشێت    D. خەستی ئایۆنەکانی هایدرۆکسید زیاد دەکات

**14.** به تێکەڵ کردنی بڕێکی کەم لە ئاو و بڕێکی زۆر لە ئیثانۆل ،ئاوەکە دەبێتە :

A.توێنەر  B. تواوە  C.گیراوە  D.هیچیان

**15.** پرتەقاڵی مەثیل بەکاردێت بۆ دەست نیشان کردنی پنتی هاوهێزی سەنگاندنی یەکێك لەمانە؟ ئەگەر pH ی بواری گواستراوە بیەکەی بکاتە( 3.1-4.4)

A. $NH_3$,HCl  B. $CH_3COOH$,NaOH  C. $HNO_3$ ,NaOH  D. $NH_3$ ,$CH_3COOH$

**16.** گیراوەیەکی ئاوی $2x10^{-4}$ mol لە ئایۆنەکانی $H_3O^+$ ی تێدایە لە 250 ml گیراوەکەدا، pH ی گیراوەکە دەکاتە :

A. 3.1  B. 3.7  C. 10.9  D. 10.3

**17.** خێرایی کارلێکە هێواشەکان زیاد دەکرێت بە :

A. تێکردنی هاندەر  B. زیادکردنی وزەی چالاککردن  C. زیاد کردنی خەستی  D.(A+C) پێکەوە

**18.** هەموو ئەم دەستەواژانە بەسەر بیردۆزی بە یەکداکەوتن دا دەگونجێت جگە لە :

A. هەموو پێکدا کەوتنەکانی نێوان تەنۆکەی ماددە کارلێککردووەکان دەبێتە هۆی روودانی کارلێکی کیمیایی

B.خێرایی کارلێکی کیمیایی راستەوانە هاوڕێژەیە لەگەڵ ژمارەی پێکداکەوتنە کاراکاندا

C. پێویستە تەنۆکەی ماددە کارلێککردووەکان بەریەك بکەون بۆ ئەوەی کارلێکی کیمیایی ڕوویدات

D. پێویستە تەنۆکەی ماددە کارلێککردووەکان وزەی پێویستیان هەبێت بۆ ئەوەی کارلێك بکەن

**19.** یاسای خێرایی ئەم کارلێکە : $A+2B \longrightarrow AB_2$ بریتییە لە $R=k[B]^2$ ،چی بەسەر خێرایی کارلێکدا دێت ئەگەر خەستی هەریەکێك لە کارلێککردووەکان بکرێتە دوو ئەوەندە ؟

A.خێرایی کارلێك ناگۆڕێت  B. خێرایی کارلێك 2 ئەوەندە زیاد دەکات

C.خێرایی کارلێك 4 ئەوەندە زیاد دەکات  D. خێرایی کارلێك 8 ئەوەندە زیاد دەکات

**20.** ئەمە ڕێبازی پێشنیارکراوی کارلێکێکە : $2NO+H_2 \longrightarrow N_2O+H_2O$ :هێواش

$N_2O+H_2 \longrightarrow N_2+H_2O$ : خێرا  کام لە مانە راستە؟

A.$R=k[NO][H_2]$  B. هاوکێشەی هاوسەنگی کارلێکەکە بریتییە لە : $2NO+2H_2 \longrightarrow N_2+2H_2O$

C.کارلێکەکە پلە دووە  D.(A+C) هەردووکیان

**21.** بری وزەی پێویستە بۆ بەرزکردنەوەی کارلێککردووەکان بۆ ئاستی ئاڵۆزی چالاککراو:

A. وزەی چالاککردن  B.وزەی سەربەست  C. وزە جوڵە  D. وزەی کارلێك

**22.** ژمارەی مۆڵەکانی NaOH چەندە؟ ئەگەر 100 ml لە گیراوەکەی هاوکێش ببێت لەگەڵ 200 ml لە گیراوەی HBr بە خەستی 0.01M

A.0.01mol  B. 0.002mol  C.0.001mol  D. 0.02mol

**23.** ماددەیەکە پێك دێت کاتێك کە ترشێکی بەهێز پرۆتۆنێك دەبەخشێت:

A.هاوەڵ تفتی بەهێز  B.هاوەڵ ترشی لاواز  C.هاوەڵ تفتی لاواز  D.کاتایۆن

**24.** لە کردەیەکی توانەوەی گەرمی دەردا بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی دەبێتە هۆی:

A.زۆر بوونی کردەی توانەوە  B.کەم بوونی کردەی توانەوە  C.کەم بوونی کردەی بلورین  D (A+C) هەردوکیان

**25.** لەم کارلێکە گازییە دا : وزە+ $2NOCl \rightleftharpoons 2NO+Cl_2$ کام لەمانە هاوسەنگی یەکە بۆ لای راست لادەدات:

A.تێکردنی هاندەر  B.کەم کردنی قەبارەی دەفری کارلێك

C.بەرزکردنەوەی پلەی گەرمی  D.کەم کردنی پەستان

**26.** شلەیەکی نەزانراو لەگەڵ تۆلوین تێکەڵ دەبێت و لەگەڵ ئاو تێکەڵ نابێت ، کام لەمانە راستە؟

A. گیراوەی ئاوی شلەکە تەزووی کارەبا دەگەیەنێ  B. شلەکە ئاوێتەیەکی گەردی بێ جەمسەرە

C. شلەکە ئاوێتەیەکی گەردی جەمسەرداره  D. هیچیان

**27.** هەموو ئەمانە راستن جگە لە :

**A**. ئاوێتە ئایۆنییە رەقەکان تەزووی کارەبا ناگەیەنن

**B**. داڕشتە تێکەڵێکە گەردیلەکانی دوو کانزا یان زیاتر بە شێوەی چوونیەك تێکەڵ دەبن

**C**. جووڵەی براونی جووڵەیەکی خێرای هەڕەمەکییە پەیدادەبێت لە پێکداکەوتنی گەردە خێراکان لە نێوان خۆیاندا

**D**. ئاوێتەی HCl لە ئاودا ناتوێتەوە

**28.** پلەی کوڵانی توێنەرێك بەبڕی $2.4°C$ بەرز دەبێتەوە کاتێك خەستی گیراوەکەی کە پێکهاتوە لەتواوەیەکی نائەلیکترۆلیتی ئەکاتە $3.1m$ بەهای نەگۆڕە مۆلالی پلەی کوڵان دەکاتە چەند ؟

**A**. $1.29°C/m$ **B**. $-0.77°C/m$ **C**. $7.44°C/m$ **D**. $0.77°C/m$

**29.** ئەم کارلێکە : $2A+B \longrightarrow A_2B$ بە رێبازی یەك هەنگاو روو دەدات یاسای خێرایی کارلێك بریتییە لە :

**A**. $R=k[A][B]$ **B**. $R=k[A_2B]$ **C**. $R=k[A]^2[B]$ **D**. $R=k[A][B]^2$

**30.** کاتێك ئاوێتەیەکی جەمسەردار بە تەواوی ئایۆنین دەکات لە ئاودا ئاوێتەکە :

**A**. ئایۆنی ئەلیکترۆلیتیە **B**. ئەلیکترۆلیتێکی لاوازە

**C**. گەردی نائەلیکترۆلیتیە **D**. ئەلیکترۆلیتێکی گەردی بەهێزە

**31.** گیراوەی ئاوی ترشی لاواز پێکهاتوە لە :

**A**. ئایۆنی هایدرۆنیۆم **B**. گەردەکانی ترش **C**. ئانایۆن **D**. هەموویان

**32.** کام لەمانە جێگیری هاوسەنگی کارلێکی ئاوەشی بوونەوەی ئانایۆن دەنوێنێت؟

**A**. $\frac{[HB][OH^-]}{[B^-]}$ **B**. $\frac{[B^-]}{[HB][OH^-]}$ **C**. $\frac{[HB]}{[B^-][OH^-]}$ **D**. $\frac{[B^-][OH^-]}{[HB]}$

**33.** لەم کارلێکەدا : $BF_{3(aq)}+F^-_{(aq)} \longrightarrow BF_4^-{}_{(aq)}$ کام لەمانە تفتی لویسە؟

**A**. $F^-$ **B**. $BF_3$ **C**. $BF_4^-$ **D**. هیچیان

**34.** هێزی ترش پشت نا بەستێتە سەر:

**A**. جەمسەرداری بەند لە نێوان هایدرۆجین وئەو توخمەی پێوەی پەیوەستە **B**. وزەی بەند

**C**. ژمارەی گەردیلەکانی هایدرۆجین لەشێوگی کیمیایی ترشەکە **D**. (A+B) پێکەوە

**35.** خەستی ئایۆنی $H_3O^+$ لە گیراوەی ئاوی $Ba(OH)_2$ دەکاتە $1x10^{-11}M$ ئەوا خەستی مۆلاری گیراوەکە چەندە؟

**A**. $1x10^{-3}$ M **B**. $2x10^{-4}$ M **C**. $2x10^{-3}$ M **D**. $5x10^{-4}$ M

**36.** بڕی وزەی وەك گەرمی مژراو لە 75g ئاسنەوە چەندە؟ کاتێك لە 295K بۆ 301K گەرم بکرێت ئەگەر گەرمی جۆرییەکەی بکاتە 0.449 J/g.K

**A**. 202kJ **B**. 27.83J **C**. 1002J **D**. 202 J

**37.** گەرمی دەرپەڕیو لە تەواو سووتانی مۆڵێکی توخم یان ئاوێتە پێی دەوترێت :

**A**. گەرمی پێکهاتن **B**. گەرمی گیراوە **C**. گەرمی سووتان **D**. گەرمی جۆری

**38.** کام لەمانە هاوکێشەی پێکهاتن دەنوێنێت؟

**A**. $N_2+O_2 \longrightarrow 2NO$ **B**. $C_{(\text{گرافیت})}+O_2 \longrightarrow CO_2$

**C**. $CO+\frac{1}{2}O_2 \longrightarrow CO_2$ **D**. $CO_2 \longrightarrow C_{(\text{گرافیت})}+O_2$

**39.** ئینترۆپی زۆر دەبێت کە :

**A**. شلێك دەبێتە هەڵم **B**. پلەی گەرمی بەرز دەبێتەوە

**C**. پەستان بەرز دەبێتەوە **D**. (A+B) هەردووکیان

**40.** لەم سیستەمە گازییە هاوسەنگەدا : $N_2O_4 \rightleftharpoons 2NO_2$ بەهای جێگیری هاوسەنگی دەکاتە 0.1 لە پلەی گەرمی دیاریکراودا بەهای جێگیری هاوسەنگی کارلێکی پێچەوانە دەکاتە چەند لە هەمان بارودۆخدا ؟

**A**. 0.05 **B**. 0.1 **C**. 10 **D**. 5

**41.** لەم گازە کارلێکەدا : $N_2+3H_2 \rightleftharpoons 2NH_3$ خەستییەکان بەم جۆرە بوون لە باری هاوسەنگیدا : $[NH_3]=0.62$ M , $[N_2]=0.45$ M , $[H_2]=0.14$ M بەهای جێگیری هاوسەنگی سستمەکە دەکاتە :

A. $3.2\times10^{-3}$ B. $3.11\times10^{2}$ C. $3.11\times10^{-2}$ D. 9.84

**42.** جێگیری ئە نجامی توانەوەی کاربۆناتی کادمیۆم ($CdCO_3$) دەکاتە $1\times10^{-12}$ ،لە گیراوەیەکی تێری ئەم خوێیەدا خەستی ئایۆنەکانی کاربۆنات دەکاتە :

A. $5\times10^{-13}$ M B. $3\times10^{-6}$ M C. $1\times10^{-6}$ M D. $5\times10^{-7}$ M

**43.** گیراوەیەکی ئاوی پێکهاتووە لە ئایۆنەکانی $Ca^{+2}$, $SO_4^{2-}$ ئەوا $CaSO_4$ دەنیشێت ئەگەر:

A. $[Ca^{+2}][SO_4^{2-}]=Ksp$ B. $[Ca^{+2}][SO_4^{2-}]>Ksp$

C. $[Ca^{+2}][SO_4^{2-}]<Ksp$ D. ناتوانرێت دەست نیشان بکرێت

**44.** کام لەم ئایۆنانە شی بوونەوەی ئاوی دەکات؟

A. $NO_3^{-}$ B. $CO_3^{2-}$ C. $SO_4^{2-}$ D. هیچیان

**45.** ئایۆنی هاوبەش دەبێتە هۆی :

A. زۆربوونی نیشتن B. کەم بوونی ئایۆنین

C. لادانی هاوسەنگی بۆ لای چەپ D. هەموویان

**46.** کام لەمانە تێکەڵی چونیەکە؟

A. شیر B. زێڕی 24 قیرات C. ئاوی شێرك D. زەیت وئاو

**47.** کام لەمانە ترشی دووانی یە؟

A. $H_2S$ B. $H_2CO_3$ C. $H_2O_2$ D. هەموویان

**48.** ئەو گیراوەیەی کە خەستییەکەی بە ووردی زانراوە پێی دەوترێت :

A. گیراوەی تێر B. گیراوەی روون C. گیراوەی پێوانەیی D. گیراوەی رێکخراو

**49.** ئایۆنی سەیرکەر لەم کارلێکەدا: $Al_{(s)}+H_2SO_{4(aq)} \longrightarrow$ بریتییە لە:

A. $SO_4^{2-}$ B. $Al^{+3}$ C. $H_3O^{+}$ D. هەمویان

**50.** لە کارلێکێکدا لە 27°C بەهای $\Delta H=-74.8\ kJ/mol$ وە $\Delta S=-0.081kJ/mol.K$ کام لەمانە راستە ؟

A. $\Delta G=50.5\ kJ$ نالەخۆیە B. $\Delta G=-72.8\ kJ$ لەخۆیە

C. $\Delta G=72.8\ kJ$ نالەخۆیە D. $\Delta G=-50.5\ kJ$ لەخۆیە

# A

وەڵامی نموونەیی تاقیکردنەوە گشتییەکانی پۆلی دوازدەی ئامادەیی (زانستی) بابەتی کیمیا

بۆ ساڵی خوێندنی 2020 - 2021 ( خولی دووەم )

| # | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 | 12 | 13 | 14 | 15 | 16 | 17 | 18 | 19 | 20 | 21 | 22 | 23 | 24 | 25 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | B | A | A | B | C | C | B | C | D | B | C | C | D | B | A | A | D | A | C | B | A | B | C | B | B |

| # | 26 | 27 | 28 | 29 | 30 | 31 | 32 | 33 | 34 | 35 | 36 | 37 | 38 | 39 | 40 | 41 | 42 | 43 | 44 | 45 | 46 | 47 | 48 | 49 | 50 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | B | D | D | C | D | D | A | A | C | D | D | C | B | D | C | B | C | B | B | D | C | A | C | A | D |